فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان لەگەڵ فەرماندە ئەمنیەکانی بابل کۆبوونەوە

ئەمڕۆ پێنجشەممە، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی لەگەڵ فەرماندە ئەمنیەکانی بابل کۆبوونەوە،و جەختی لەسەر پێویستی تەواوکاری کاری ئەمنی لەگەڵ کاری خزمەتگوزاری و پێژەکانی گەشەپێدان کردەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکدا ووتی: فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، سەرکایەتیی کۆبوونەوەی فەرماندەکان و پێکهاتەکانی ئەمنی و سەربازی کرد لە پارێزگای بابل، بە ئامادەبوونی جێگری فەرماندەی ئەپراسیۆنە هاوبەشەکان.

لە میانی کۆبوونەوەکەدا فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان جەختیکردەوە: لە پێویستی تەواوکاری کارە ئەمنییەکان لەگەڵ کاری خزمەتگوزاری و گەشەپێدان و پێژە ئابوورییەکان کە لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێدەکرێن یان پێژەکانی وێبەرهێنان کە پێویستیان بە ژینگەیەکی ئەمنی و سەقامگیری کەمەایەتی هەیە.

تەئکیدیشیکردەوە: کە بەردەوامبوون لە پێژە و خزمەتگوزارییەکانی ئاوەدانکردنەوە پێویستە بە ئاسایشەوە، و وتیشی: پێویستە هەوڵەکانی پێویست بە زانیارییە ئەمنییەکان و هەواڵگرییەکان یەکبخرێن، بەهۆی ئەو گرنگییەی کە ئەم بابەتە نوێنرایەتی دەکات لە پاراستنی ئاسایش و

دەستبەرکردنی هەوڵەکان و ڕێگریکردن لە هەر جۆرە دزەکردنێك یان سەرپەچییەکی ئەمنی، و پێشبینیکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئاستەنگە ئەمنییەکان، هەروەها ڕاسپاردەشی دا، کە بەشێوەیەکی شایستە مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیاندا بکرێت، ئەمەش ڕێنگدانەوەی ڕووی گەشاوەی دەوڵەت و یاساکانی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ.